# فیقهی ئاسان: پەرتووکی نوێژ: دەروازەی هەشتەم: لە بارەی ئیمامەتی نوێژەوە

الفقه الميسر: كتاب الصلاة: الباب الثامن: في الإمامة في الصلاة

< كوردی - كردي - kurdish >


دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# له بارەی ئیمامەتی نوێژەوە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕیزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی بابەتەکانی نوێژ، دێینە خزمەت ئێوەی بەرێز، ئەمجارە بەیارمەتی خوا لە بارەی ئیمامەتی نوێژەوە، ئەم ووتارەتان پێشکەش دەکەین، کە حەوت بابەتی لەخۆ گرتووە: بابەتی یەکەم: کێ لە پێشترە کە ئیمامەتی نوێژ بکات، بابەتی دووەم: چی کەسێك ئیمامەتی حەرامە، بابەتی سێهەم: چی کەسێك ئیمامەتی مەکروهە، بابەتی چوارەم: شوێنی ئیمام لە نوێژخوێنەکانەوە، بابەتی پێنجەم: ئەوەی ئیمام لەبری نوێژخوێنەکانی تر هەڵیدەگرێت، بابەتی شەشەم: پێشبڕکی کردنی ئیمام، بابەتی حەوتەم: چەند بابەتێکی جیاجیا لەبارەی ئیمامەت و نوێژی بەکۆمەڵەوە.

**بابەتی یەکەم: کێ لە پێشترە کە ئیمامەتی نوێژ بکات:**

پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕوونی کردوەتەوە کێ لە پێشترە کە پێش نوێژی بکات بۆ موسڵمانان، وەك فەرموویەتی: { يؤم القوم أقرؤهم لكتاب الله، فإن كانوا في القراءة سواء، فأعلمهم بالسنة، فإن كانوا في السنة سواء، فأقدمهم هجرة، فإن كانوا في الهجرة سواء، فأقدمهم سلما }[1]، واتا: قورئانخوێنترینیان پێش نوێژی بۆ خەڵکی دەکات، ئەگەر هاتوو یەکسان بوون لە قورئانخوێندندا، ئەوە کامیان شارەزاترە بە سوننەت ئەوەیان پێش نوێژیان بۆ دەکات، وە ئەگەر هاتوو یەکسان بوون لە شارەزاییان بە سوننەت، کامیان زووتر کۆچی کردبێت ئەوەیان لە پێشترە بۆ پێش نوێژی، خۆ ئەگەر یەکسانیش بوون لە کۆچکردندا، کامیان زووتر موسڵمان بوو بێت ئەوەیان لە پێشترە کە پێش نوێژی بکات بۆ موسڵمانان.

بۆیە لە پێشترین کەس کە پێش نوێژی بکات بۆ موسڵمانان، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

1-کامیان جوانتر قورئان بخوێنێتەوە، ئەوەیان لە پێشترە کە پێش نوێژی بکات، ئەویش بەوەی بە تەواوترین شێوە جێ بەجێی بکات، زاناترین بە فیقهی نوێژ پێش دەخرێت، جا کاتێك ئەگەر کەسێکی جوان قورئان خوێن لەگەڵ کەسێك کەمتر لەو لە جوان خوێندنەوەی قورئان پێکەوە بوون، بەڵام لەو زیاتر شارەزا بوو لە فیقهی نوێژ، ئەوا ئەو کەسەیان کە جوانتر قورئان دەخوێنێتەوە و شارەزاتریشە لە فیقهی نوێژ پێش دەخرێت بۆ ئیمامەت کردن بەسەر ئەو کەسەی کە قورئان جوان دەخوێنێتەوە

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (673) ڕیوایەتی کردووە، مەبەست لە وشەی (سلما) ئیسلامە.

بەڵام کەمتر شارەزایە بە فیقهی نوێژ، چونکە پێویستی بە فیقە و شارەزا لە حوکمەکانی نوێژ زیاترە لە پێویستی بە جوانتر قورئان خوێندنەوە.

2-پاشان شارەزاتر و زاناتر بە سوننەت، ئەگەر هاتوو پێش نوێژ یەکسان بوون لە جوان خوێندنەوەی قورئان، بەڵام یەکێکیان زیاتر شارەزا و زاناتریش بە سوننەت بوو، ئەوا ئەوەیان کە زیاترە شارەزاترە پێش دەخرێت بۆ پێش نوێژی کردن، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی بووی: { فإن كانوا في القراءة سواء، فأعلمهم بالسنة }، واتا: ئەگەر هاتوو لە قورئانخوێندنەوە یەکسان بوون، ئەوەیان شارەزاترە بە سوننەت ئەوەیان پێش دەخرێت بۆ پێش نوێژی کردن.

3-پاشان ئەوەی کە پێشتر و زووتر کۆچی کردبێت لە وولاتانی بێباوەڕانەوە بۆ وولاتی ئیسلام وموسڵمانان، پێش دەخرێت بۆ پێش نوێژی کردن، ئەگەر هاتوو یەکسان بوون لە جوان خوێندنەوەی قورئان وشارەزا بوون لە سوننەت.

4-پاشان ئەوەیان زووتر موسڵمان بوو بوو، پێش دەخرێت بۆ پێش نوێژی کردن، ئەگەر هاتوو لە کۆچکردنیشدا یەکسان بوون.

5-پاشان کامیان بە تەمەنترە، پێش دەخرێت بۆ پێش نوێژی کردن، ئەگەر هاتوو لە تەواوی ئەو شتانەی پێشووتر یەکسان بوون، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی پێشوو، کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی بووی: {فإن كانوا في الهجرة سواء، فأقدمهم سلما - وفي رواية: سنا-}، واتا: ئەگەر لە کۆچکردنیش یەکسان بوون، ئەوا ئەوەیان کە پێشتر موسڵمان بووە، لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: ئەوەیان کە بەتەمەنترینە پێش دەخرێت بۆ پێش نوێژی کردن، وە هەروەها فەرموویەتی: { وليؤمكم أكبركم }، واتا: ئەوەتان کە بەتەمەنترینە پێش نوێژیتان بۆ دەکات.

جا ئەگەر هاتوو لە تەواوی ئەوەی باسکرا یەکسان بوون، ئەوا تیروپشك دەکرێت لە نێوانیاندا، جا هەر کەسێکیان تیرو پشکەکەی بۆ دەرچوو و سەرکەوت بەسەر ئەوی تردا، پێش دەخرێت بۆ پێش نوێژی کردن.

خاوەن ماڵیش لە پێشترە بە پێش نوێژی کردن لە میوانەکەی، وەك کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: { لايؤمن الرجل في أهله ولا في سلطانه } [1]، واتا: پیاو لە ناو ماڵ منداڵی وخۆی و لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا پێش نوێژی بۆ ناکرێت، - واتا: دەبێت پیاو لەماڵی خۆی و لە دەسەڵاتی خۆیدا پێش بخرێت بۆ پێش نوێژی کردن.

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (673) ڕیوایەتی کردووە، مەبەست لە وشەی (سلما) ئیسلامە.

هەروەها خاوەن دەسەڵات و پێشەوا و بەرپرسی موسڵمانان لە پێشترە بۆ پێش نوێژی کردن لە غەیری خۆی، ئەویش پێشەوای گەورەی موسڵمانانە، بە بەڵگەی گشتگیری فەرموودەکەی پێشووتر کە ئاماژەمان پێدا، هەروەها ئیمامی فەرمی مزگەوت لە پێشترە بە هەموو کەس بۆ پێش نوێژی کردن- پێشەوای موسڵمانان نەبێت – تەنانەت ئەگەر هاتوو غەیری ئەویش قورئان خوێنێکی باش و شارەزای زیاتریش بێت، بە بەڵگەی گشتگیری فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کە فەرمووی بووی: { لايؤمن الرجل في أهله ولا في سلطانه }، واتا: پیاو لە ناو ماڵ منداڵی خۆی و لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا پێش نوێژی بۆ ناکرێت، بەڵکو دەبێت ئەو پێش نوێژی بۆ غەیری خۆی بکات.

**بابەتی دووەم: چی کەسێک ئیمامەتی حەرامە:**

پێش نوێژی کردن لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا حەرامە:

1- پێش نوێژی کردنی ئافرەتان بۆ پیاوان، بە بەڵگەی گشتگیری ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: { لن يفلح قوم ولوا أمرهم امرأة }[1]، واتا: ئەو گەل و هۆزە سەرفراز نابن، پێشەوا و کاربەدەستیان ئافرەت بێت، چونکە ئەصڵ وایە ئافرەتان لە ڕیزی دواوە نوێژ بکەن لە پێناو پاراستنیان ودوور بوونیان لە چاوی پیاوان، جا ئەگەر هاتوو لە نوێژدا کران بە ئیمام وپێش نویژ ئەوا پێچەوانەی ئەو ئەصل و بنەما شەرعیەیە.

2- پێش نوێژی کەسێکی بێ دەست نوێژ، لەگەڵ پێش نوێژی ئەو کەسەی کە پیسیەك بەسەر لاشە و جەستە و جلوبەرگەکانیەوە بێت، و پێش بزانێت و لای نەبات، خۆ ئەگەر هاتووو نوێژ خوێنەکان بەوەیان نەزانی تا ئەو کاتەی نوێژەکە تەواو دەبێت، نوێژەکەیان دروستە و هیچی تێدا نیە.

3- پێش نوێژی کرنی کەسێکی نەخوێنەوار و نەشارەزا، کە بەچاکی نەزانێت سورەتی ( الفاتحة ) بخوێنێتەوە، نەزانێت نە لەبەر بیخوێنێت وە نە بە خوێندنەوەیش، یان هەندێك پیت تێهەڵکیش بکات کە پێویست بە تێهەڵکێشکردن نەکات، یان پیتێك بگۆرێت بە پیتێکی تر، یان بەئاوازێکی وا بیخوێنێت ماناکەی تێك بدات، ئەم جۆرە کەسانە پێش نوێژی کردنیان دروست نیە، مەگەر پێش نوێژی بۆ کەسانی وەك خۆی بکات، ئەویش لەبەر ئەوەی کەسی باشتر نیە.

4- پێش نوێژی کەسی فاسق وبیدعەچی، نوێژکردن لە دواوەی دروست نیە، ئەگەر هاتوو فیسقەکەی ئاشکرا بوو، وە خەڵکی بانگ دەکرد بۆ بیدعەیەکی وا کە خەڵکی پێ بێباوەڕ دەبوو، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت، ﴿ أَفَمَن

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (673) ڕیوایەتی کردووە، مەبەست لە وشەی (سلما) ئیسلامە.

كَانَ مُؤْمِنًا كَمَن كَانَ فَاسِقًا ۚ لَّا يَسْتَوُونَ﴾ [1]، واتا: ئایا ئەوكەسەی بڕوای هێناوە وەك ئەوكەسە وایە كە لە ئیمان دەرچووە! بێگومان هەرگیز ئەو دووانە چوونیەك نین.

5- ئەو كەسەی نەتوانێت كڕنوش و سوژدە ببات، وە نەتوانێت بە پێوە بوەستێت و دابنیشێت، پێش نوێژی وئیمامەتی دروست نیە بۆ ئەو كەسانەی كە بەتواناترن بە ئەنجامدانی ئەو كارانەی باسكران.

### بابەتی سێهەم: چی كەسێك ئیمامەتی مەكروهە:

ئیمامەت و پێش نوێژی ئەم كەسانەی خوارەوە مەكروە وباش نیە:

1- ئەو كەسەی كە پیتەكان دەگۆڕێت بۆ پیتی تر و زۆر هەڵە دەكات لە قورئانخوێندنەوەدا، ئەمە ئەگەر هاتوو لە غەیری سورەتی ( الفاتحة ) دا بوو، بەڵام ئەگەر هاتوو لە سورەتی ( الفاتحة ) پیتی دەگۆڕی بە پیتی تر بەشێوەیەك مانای ئایەتەكانی دەشێواند، ئەوا پێش نوێژی دروست نیە، وەك لە پێشتر باسمان لێوەكرد، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: { يؤم القوم أقرؤهم }،واتا: شارەزاترینیان بە خوێندنەوەی قورئان پێش نوێژ بۆ گەل و هۆزەكەی دەكات.

2- كەسێك پێش نوێژی بۆ كەسانێك بكات ڕقیان لێی ببێتەوە، یان زۆرینەیان ڕقیان لێی ببێتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: { ثلاثة لا ترفع صلاتهم فوق رؤوسهم شبرا: رجلٌ أمَّ قوماً وهم لها كارهون ... الحديث } [2]، واتا: سێ كەس نوێژەكانیان هێندەی بستێك لەسەریان بەرز نابێتەوە: پیاوێك پێش نوێژی بۆ كەسانێك بكات، ڕقیان لێی ببێتەوە و خۆشیان نەوێت... فەرموودەكە.

3- كەسێك هەندێك لە پیتەكانی قورئان بشارێتەوە و بەجوانی دەریان نەبڕێت، هەروەها كەسێكیش هەندیك لە پیتەكان دووبارە بكاتەوە، وەك ئەو كەسەی كە پیتی ( تێ ) یان ( فێ ) یان هەر پیتێكی تر دووبارەبكاتەوە، چونكە ئەو كەسانە پیت لە قورئان خوێندنەوە زیاد دەكەن.

### بابەتی چوارەم: شوێنی ئیمام لە نوێژخوێنەكانەوە:

سوننەت وایە پێش نوێژ لە نوێژخوێنەكان پێش بكەوێت، ئەگەر هاتوو نوێژخوێنەكان دوان وزیاتر بوون ئەوا لە پشت (ئیمام) پێش نوێژەوە دەوەستن، چونكە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەگەر هەڵبسایە بۆ نوێژكردن پێش دەكەوت و

(1) سورەتی السجدة: ئایەتی: 18.

(2) ابن ماجە بە فەرموودەی ژمارە (971) ڕیوایەتی كردووە، وە بوەیصیری لە پەرتووكی ( الزوائد ) دا سەنەدەكەی بە سەنەدێكی صەحیح داناوە، وە ئیمامی نەوەویش لە ( المجموع ) دا بە حەسەنی داناوە، وە شێخ ئەلبانیش بە حەسەنی داناواە، بڕوانە: ( صحيح ابن ماجه ) فەرموودەی ژمارە (792).

هاوەڵانیشی لەدوایەوە دەوەستان، موسلیم و ئەبو داود ڕیوایەتیان کردووە کە { أن جابرا وجبارا وقفا، أحدهما عن يمينه والآخر عن يساره فأخذ بأيديهما حتى أقامهما خلفه }[1]، واتا: جابر وجەبار هەردوکیان وەستان، یەکێکیان لە لای ڕاستیەوە، وئەوی تریشیان لەلای چەپیەوە، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەستی هەردوکیانی گرت، تاوەکو لەپشت خۆیەوە وەستاندنی.

هەروەها ئەنەسی کوڕی مالیك ( خوای لێ ڕازی بێت ) لەبارەی ئەوەی کە کاتێك پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە ماڵەوە نوێژی بۆ دەکردن، ووتویەتی : { ثم يؤم رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) ونقوم خلفه، فيصلي بنا }[2]،واتا: پاشان پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پێش نوێژی کرد، وئێمەیش لە پشتیەوە وەستاین، ونوێژی بۆ کردین .

ئەگەر نوێژخوێنەکە تەنها پیاوێك بوو، ئەوا هاوشانی ئیمام لەلای ڕاستیەوە دەوەستێت، چونکە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) عەبدوڵای کوڕی عەباس و جابری سوڕاندەوە بۆ لای ڕاستی کاتێك لەلای چەپیەوە وەستابوون بۆ نوێژکردن [3].

وە دروستە ئیمام لە نێوەڕاستی نوێژخوێنەکان بوەستێت، چونکە عەبدوڵای کوڕی مەسعود لە نێوان عەلقەمە و ئەسوەد نوێژی کرد، پاشان ووتی : { هكذا رأيت رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) فعل }[4]، واتا: ئا بەو شێوەیە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) م بینی وای کرد .

بەڵام ئەمە بۆ هەموو کات نیە بەڵکو بۆ حاڵەتی پێویستی وزەرورەتە، چونکە باشتروایە لە پشت ئیمامەوە بوەستن، وە ژنانیش لە پشت ڕیزی پیاوانەوە بوەستن، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەنەسی کوڕی مالیك ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕێتەوە، ودەڵێت: { صففت أنا واليتيم وراءه، والعجوز من ورائنا }[5], واتا: من ومناڵێکی بی باب لە پشت پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بۆ نوێژ کردن ڕیز بووین، و پیرە ژنێکیش لە پشتمانەوە وەستا بۆ نوێژکردن .

بابەتی پێنجەم: ئەوەی ئیمام لەبری نوێژخوێنەکانی تر هەڵیدەگرێت:

ئیمام لە نوێژە ئاشکراکاندا لەبری نوێژخوێن تەحەمولی خوێندنی قورئان دەکات ( سورەتی الفاتحة )، واتا: واجب نیە نوێژخوێن سورەتی (الفاتحة) بخوێنێت، بەڵکو خوێندنەکەی ئیمام بۆ ئەویش دەبێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (3010).

(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (659) .

(3) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (3010) .

(4) ئەبوداود بە فەرموودەی ژمارە (613) ڕیوایەتی کردووە، فەرموودەیەکی صەحیحە، بڕوانە پەرتووکی: إرواء الغليل (319/2).

(5) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (658).

ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) بە مەرفوعی ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : { وإذا قرأ الإمام فأنصتوا }[1], واتا: کاتێك ئیمام قورئانی خوێند ئێوە بێدەنگ بن، هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : { من كان له إمام فقراءته له قراءة }[2], واتا: هەر نوێژخوێنێك لەگەڵ ئیمام نوێژی کرد، ئەوا قورئان خوێندنەکەی ئیمام ( سورەتی فاتحة ) بۆ ئەویش دەبێت بە خوێندن .

بەڵام لە نوێژ نهێنیەکاندا ئیمام لەبری نوێژخوێنەکان تەحەمولی خوێندنی سورەتی الفاتحة ناکات .

بابەتی شەشەم: پێشکەوتن لە ئیمام:

دروست نیە نوێژخوێن پێش ئیمام بکەوێت و پێشبڕکێی لەگەڵدا بکات، بۆیە هەرنوێژخوێنێك لە پێش ئیمامەکەیەوە نوێژی دابەست، ئەوا نوێژەکەی دانامەزرێت، چونکە مەرجی نوێژی بەکۆمەڵ ئەوەیە نوێژخوێن لەدوای ئیمامەوە نوێژ دابەستێ و ( الله أكبر ) بکات، دیارە ئەویش ئەوەی لەکیس چووە، وە دەبێت نوێژخوێن لە دوای ئیمامەکەیەوە دەست بکات بە هەڵسوکەوت و کردارەکانی نوێژەکەی، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : { إنما جعل الإمام ليؤتم به، فإذا كبر فكبروا، وإذا ركع فاركعوا، وإذا قال: سمع الله لمن حمده، فقولوا: ربنا لك الحمد، وإذا سجد فاسجدوا }[3]، واتا: ئیمام بۆ ئەوە دانراوە کە بکرێت بە پێشەوا، جا کاتێك ئیمام الله أکبری کرد ئێوەش الله أکبر بکەن، وە کاتێك کڕنوشی برد ئێوەش کڕنوش ببەن، وە کاتێك وتی: سمع الله لمن حمده، ئێوەش بڵێن: ربنا ولك الحمد، وە کاتێك سوژدەی برد ئێوەش سوژدە ببەن .

جا ئەگەر هاتوو نوێژخوێن لەگەڵ ئیمام هەڵسوکەوتی نوێژەکەی ئەنجامدا، یان لەگەڵ ئیمام سەلامی دایەوە، ئەوا کارێکی باشی نەکردووە، چونکە پێچەوانەی سوننەتە، بەڵام نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە، چونکە لەگەڵ ئیمام ڕوکنەکەی ئەنجامداوە، خۆ ئەگەر پێش ئیمام کەوت ئەوا حەرامە وردروست نیە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : { لا تسبقوني بالركوع ولا بالسجود ولا بالقيام }[4]، واتا: نە بە کڕنوش و بە سوژدە و نە بەوەستان لەمن پێش

(1) هەر پێنجیان ڕیوایەتی کردووە تیرموذی نەبێت، ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (604)، وە نەسائیش (146/1)، وابن ماجەیش بە فەرموودەی ژمارە (846)، وە ئەحمەدیش (420/2)، وە شیخ ئەلبانی ووتویەتی فەرموودەیەکی صەحیحە، بڕوانە ( صحيح سنن النسائي ) فەرموودەی ژمارە (822 و883) ئەمەش بەشێك لەو فەرموودەیەی کە سەرەتای بەم شێوەیە دەست پێدەکات ( إنما جعل الإمام ليؤتم به ... ).

(2) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (339/3)، وە وابن ماجەیش بە فەرموودەی ژمارە (850)، وە شیخ ئەلبانیش بەفەرموودەیەکی حەسەنی داناوە، بڕوانە ( إرواء الغليل ) فەرموودەی ژمارە (500) .

(3) بوخاری و موسلیم هاوڕان: بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (389) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (411) ڕیوایەتیان کردووە .

(4) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (416) ڕیوایەتی کردووە .

مەکەون، دیارە نەهی کردنیش کە لەم فەرموودەیەدا هاتووە حەرام بوون دەگەیەنێت، هەروەها ئەبو هورەیرە فەرموودەیەکی بە مەرفوعی ڕیوایەت کردووە، کە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { أما يخشى الذي يرفع رأسه قبل الإمام أن يحول رأسه رأس حمار } [1]، واتا: ئایا ئەو کەسەی کە لەپێش ئیمامەوە سەری بەرز دەکاتەوە ناترسێت لەوەی کە سەری ببێت بەسەری گوێ درێژ .

بابەتی حەوتەم: چەند بابەتێکی جیاجیا لەبارەی ئیمامەت و نوێژی بەکۆمەڵەوە:

هەندێکی تر لەو حوکمانەی کە پەیوەستن بە پێش نوێژی ونوێژی بەکۆمەڵ، جگە لەو حوکمانەی کە پێشتر باسمان لێوەکردن:

1-سوننەتە کەسانی ژیر وخاوەن بیروهۆش لە ئیمامەوە نزیك بن، کەسانی خاوەن فەزڵ و ژیر وبە ویقار لەدوای ئیمام ونزیك دەبن لێی، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { ليلني منكم أولو الأحلام والنهى، ثم الذين يلونهم، ثم الذين يلونهم } [2]، واتا: با ژیر وبیرمەندەکان لەدوای منەوە بن لە نوێژدا، پاشان ئەوانەی لەوان کەمترن، پاشان ئەوانەی لەوان کەمترن.

حیکمەتیش لەمەدا ئەوەیە: تاوەکو ئیمام لە هەڵە وکەموکورتیەکانی ئاگادار بکەنەوە، وە ئەگەر پێویست بوو کاتێك ئیمام هەڵەیەك دەکات لە قورئان خوێندن یان لێی دەگیرێت وەبیری بهێننەوە و بۆی ڕاست بکەنەوە، وە ئەگەر شتێك ڕوویدا لە نوێژەکەدا یەکێك لەوان بکات بە جێگیری خۆی .

2-سوور بوون لەسەر ئەوەی کە لەڕیزی یەکەم نوێژ بکەن: سوننەتە نوێژخوێنەکان پێش بکەون بۆ ڕیزی یەکەم و سوور بن لەسەری، وئاگاداری ئەوە بن کە دوانەکەون لێی، لەمبارەیەوە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: { تقدموا فأتموا بي، وليأتم بكم بعدكم, لا يزال قوم يتأخرون حتى يؤخرهم الله } [3]، واتا: پێش بکەون ولەڕیزی یەکەمەوە بن، وە با ئەوانەی دوای ئێوەیش چاوتان لێ بکەن، بەردەوام کۆمەڵێك لە نوێژەکانیان دوا دەکەون، تا وای لێدێت خوای گەورەش لە هەموو خێر وڕەحمەتێك دوایان دەخات .

(1) بوخاری و موسلیم هاوڕان: بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (691) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (427) ڕیوایەتیان کردووە .

(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (432) ڕیوایەتی کردووە .

(3) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (438) ڕیوایەتی کردووە .

هەروەها فەرموویەتی : { لو يعلم الناس ما في النداء والصف الأول، ثم لم يجدوا إلا أن يستهموا عليه لاستهموا } [1]، واتا: ئەگەر خەڵكی بیانزانییایە كە بانگ وڕیزی یەكەمی نوێژ چەندێك خێری زۆرە، پاشان ئەو خێرەیان دەستگیر نەبوایە بە تیرو پشك نەبوایە، ئەوا بێگومان تیروپشكیان بۆ دەكرد .

بەڵام سەبارەت بە ئافرەتان سوننەت وایە كە لە ڕیزی دواوەی نوێژخوێنەكان بن، بە بەڵگەی ئەوە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی: { خير صفوف الرجال أولها وشرها آخرها، وخير صفوف النساء آخرها، وشرها أولها } [2]، واتا: باشترین ڕیزی نوێژی پیاوان ڕیزی یەكەمە، وە خراپترین ڕیزیشیان كۆتا ڕیزە، وە باشترین ڕیزی نوێژی ئافرەتان ڕیزی كۆتاییە، وە خراپترینیان ڕیزی یەكەمە .

3-ڕێك وپێك كردنی ڕیزەكانی نوێژ، و پڕكردنەوەی بۆشاییەكان، وتەواو كردنی ڕیزی یەكەمی نوێژ، وپاشان ڕیزەكانی تریش، بۆیە سوننەت وایە ئیمام پێش دەست پێكردنی بە نوێژ فەرمان بكات بە ڕێك وپێك كردنی ڕیزەكان وپڕكردنەوەی بۆشاییەكان نێوانیان، بە بەڵگەی ئەوەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) خۆی بە كردار وای كردووە، وە لەم بارەیشەوە فەرموویەتی: { سووا صفوفكم فإن تسوية الصفوف من تمام الصلاة } [3]، واتا: ڕیزەكانتان ڕیك وپێك بكەن، چونكە ڕیك وپێك كردنی ڕیزەكان لە تەواوی نوێژەكانە .

هەروەها ئەنەسی كوڕی مالیك ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت: { أقيمت الصلاة فأقبل علينا رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) بوجهه فقال: أقيموا صفوفكم وتراصوا، فإني أراكم من وراء ظهري } [4]، واتا: قامەت كرا بۆ نوێژ، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕووی وەرگێرا بۆلامان و فەرمووی: ڕیزەكانتان ڕاست بكەنەوە وڕیك بوەستن، چونكە من لە دواوە ئێوە دەبینم .

هەر ئەنەس ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەڵێت: { كان أحدنا يلزق منكبه بمنكب صاحبه وقدمه بقدمه } [5]، واتا: هەركەس لە ئێمە شانی دەنوساند بە شانی هاوەڵەكەیەوە، وە پێكانی دەلكاندا بە پێكانیەوە .

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (437) ڕیوایەتی كردووە .
(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (440) ڕیوایەتی كردووە .
(3) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (440) ڕیوایەتی كردووە .
(4) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (719) ڕیوایەتی كردووە .
(5) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (725) ڕیوایەتی كردووە .

وە سوننەت وایە سەرەتا ڕیزی یەکەم تەواو بکرێت، پاشان ڕیزەکانی تریش، جا ئەگەر هاتوو کەمیەك هەبوو لە ڕیزەکاندا ئەوا با کەمیەکە لە کۆتا ڕیزدا بێت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی :

{ألا تصفون كما تصف الملائكة عند ربها، فقلنا يار سول الله, وكيف تصف الملائكة عند ربها؟ قال: يتمون الصفوف الأول ويتراصون في الصف } [1]، واتا: ئایا ناکرێت ڕیزەکانتان تەواو بکەن، وەك ڕیزی فریشتەکان کاتێك لای خوای گەورە ڕیز دەبەستن، ووتمان ئەی پێغەمبەری خوا فریشتەکان چۆن لای پەروەردگاریان ڕادەوەستن؟ فەرمووی: ڕیزی یەکەم تەواو دەکەن وکەموکورتی لە ڕیزەکانیاندا نیە .

4- نوێژی تاکە کەس لە دوای ڕیزەکانەوە: نوێژی ئەو کەسە دروست نیە کە لە دواوەی ڕیزەکانەوە بەتەنها نوێژ دەکات، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { لا صلاة لمنفرد خلف الصف } [2]، واتا: نوێژی تاکەکەس لەدواوەی ڕیزی نوێژ دروست نیە .

وە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پیاوێکی بینی بەتەنها لە دواوەی ڕیزەکان نوێژی دەکرد، فەرمانی پێکرد کە نوێژەکەی دووبارە بکاتەوە [3].

[ لەخوای گەورە و میهرەبان داواکارین لەو کەسانەمان بگێرێت کە هەمیشە لەڕیزی یەکەمی نوێژە بەکۆمەڵەکانەوەن، تاوەکو بەیارمەتی خوای گەورە لە سەرفرازان و سەرکەوتووانی ڕۆژی دوایی بین] وەرگێر .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (430) ڕیوایەتی کردووە .

(2) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (23/4)،وە ابن ماجەش بە فەرموودەی ژمارە (1003) ڕیوایەتی کردووە، ئیمام ئەحمەد بە فەرموودەیەکی حەسەنی داناوە، وە بوەیصیری لە پەرتووکی ( الزوائد ) دا سەنەدەکەی بە سەنەدێکی صەحیح داناوە، وە شێخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە: ( صحيح ابن ماجه ) فەرموودەی ژمارە (822).

(3) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (228/4)، وە ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (682) وە تیرموذیش بە فەرموودەی ژمارە (230) ووە ابن ماجەش بە فەرموودەی ژمارە (1004) ڕیوایەتیان کردووە، وە تیرموذی بە فەرموودەیەکی حەسەنی داناوە، وە ئەحمەد شاکر لە حەواشی تیرموذیدا بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، وە شێخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە: ( صحيح الترمذي ) فەرموودەی ژمارە (191) .